بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستین کوژرانی دوو ئەندامی باڵای بزووتنەوەکەیلن ڕاگەیاند

بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستین ئەمڕۆ شەممە کوژرانی دوو ئەندامی باڵای ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ تاقمێک لە هێزەکانی لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل بە سەر دیمەشق-ی پایتەختی سووریا ڕاگەیاند.

بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی فەلەستین بە ڕاگەیەندراوەکی بڵاوکردەوەو تیایدا کوژرانی دوو ئەندامی باڵای ئەو بزووتنەوەیە لەگەڵ تاقمێک لە هێزەکانی، لە ئەنجامی هێرشی ئاسمانی ئیسرائیل بە سەر دیمەشق ئاشکرا کرد، ئەمەش کە تێی "مەیادین"ی سەر بە بەرەی مقاومەی ئیسلامی دووپاتی کردەوە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: سەر لە بەیانی ئەوە تەرمی هەردوو فەرماندە شەهید عەبدولعەزیز سەعید میناوی ناسراو بە (ئەبوو سەعید) و ڕەسمی یوسف ئەبووعیسا ناسراو بە(ئەبوو عەسام) لەگەڵ تەرمی چەند ئەندامی دیکەی ئەم بزووتنەوەیە لەژێر داروپردەکان هەنرایە دەرەوە، دوای ئەوەی فڕۆکە جەنگییەکانی ئیسرائیل بەردومانییان کرد.

جیهادی ئیسلامی فەلەستین لە ڕاگەیەندراوەکە جەختی لەوەش کرد کە هەمەتە ناجوامێر و جەنایەتکارانەکانی ئیسرائیل دەبەتە هۆی بەرزبوونەوەی ورە و ئیرادەی ئەوان بە درێژدان بە بەرخەدان تا تەکشکاندنی ئامانجەکانی دوژمن بە ئاماژە بە ئیسرائیل.